# ئاسایشی نیشتمانی دەستگیرکردنی 28 کەسی راگەیاند بەتەمەتی قاچاخچێتی نەوت

ئەمە دووشەممە، دەزگای ئاسایشی نیشتمانی دەرئەنجامی ئەپراسیۆنە ئەمنییەکانی خۆی لە بواری بەرەنگاربوونەوەی قاچاخچێتی وەرگیراوەکانی نەوت و دادگاییکردنی ئەو کەسانەی پێیوەندییان پێوە هەیە لە ماوەی دوو مانگدا ڕاگەیاند. لە ڕاگەیەندراوەکی دەزگای ئاسایشدا هاتووە" مەفرەزەکانی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی بەردەوامن لە ئەپراسیۆنەکانیان لە بەرەنگاربوونەوەی بەقاچاخبردنی بەرهەمەی نەوتیەکان و لەپێچینەوە لەو کەسانەی تەوەگلاون و دادگاییکردنیان، ئەم کارەیان زیانێکی گەورە هەیە و کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایشی ئابووری وڵات دەبێت. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە" لە ماوەی دوو مانگدا مەفرەزەکانی ئاسایشی ئابووری توانیان بە قاچاخچێتی (460) هەزار لیتر سووتەمەنی پووچەڵ بکەنەوە و بەپێی فەرمانی دەستگیرکردنی دادوەر (28) تەمەتبار دەستگیربکەن". هەروەها روونیکردەوە کە"(17) تانکەر، (9) تانک، و (4) کەشکی بەکارهێنراو بە بەقاچاخبردنی بەرهەمەی نەوتیەکان لە پارێزگاکانی بەسرە، ئەنبار، سەڵاح الدین، دیالە، کەرکوک، نەینەوا، و بابل دەستیان بەسەردا گیراوە، ئاماژەی بەوەشکرد" بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پێیوەندیدار ئەو بەڵە دەست بەسەردا گیراوە، و سەرجەم تەمەتباران بە لەکەینەوە بە گرتنەبەری ڕەوشوەنی یاسایی بەرامبەریان ڕەوانەی دەزگا پەیوەندیدارەکان کراون.